# قەزای گوڵعەنبەر(هەڵەبجە) لە ساڵنامەکانی عوسمانیدا

**کامەران عبدالرزاق برایم[١]، عادل صدیق عەلی[٢]**
[١] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kamaran.braim@su.edu.krd

## پوختە

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە کۆمەڵێك ڕەهەندی جیاوازی یەکێك لە قەزا گرنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە ئەویش خۆی لە قەزای گوڵعەنبەردا دەبینێتەوە. لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دەروازەیەك و دوو بەشی سەرەکی، لە دەروازەکەدا باس لە دروستکردنی ویلایەتی شارەزوور و شوێنی قەزای گوڵعەنبەر لەو ویلایەتەدا کراوە، بەشی یەکەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکە، ئاووهەوا، تۆپۆگرافیای ناوچەکە، پێکهاتەی دانیشتوانەکەی و بارودۆخی ئابووریی (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری) قەزاکە، هەرچی بەشی دووەمە باس لە کاربەدەستان و لێپرسراوانی قەزاکە و سنووری یەکە کارگێرییەکەی گوڵعەنبەر لە چەند دەیەی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا دەکات وەك ئەوەی لە ساڵنامە عوسمانییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

**وشە(دەستەواژە) باوەکان:** (ساڵنامە، گوڵعەنبەر، جاف، عوسمانی، گۆڕانکاریی، کارگێڕی)

## الملخص

محتوى البحث مخصص للتحدث عن إحدى الأقضية المهمة في الدولة العثمانية من عدة أبعاد مختلفة، وهو قضاء (گوڵعەنبەر)، ينقسم البحث الى مدخل و فصلين رئيسيين، المدخل يتضمن الحديث عن تأسيس ولاية شهرزور وموقع قضاء (گوڵعەنبەر) فيها، وكرست الفصل الأول من البحث للحديث عن القضاء من حيث موقعه الجغرافي، والمناخ، والتضاريس، والتكوين السكاني، والوضع الاقتصادي (الزراعة والثروة الحيوانية) فى القضاء، أما الفصل الثانى من البحث قد خُصصت للتحدث عن المسؤلين فى القضاء وحدود وحدة (گوڵعەنبەر) الادارية في العقود الاخيرة للدولة العثمانية، كما هو مدون في التقاويم (سالنامه) العثمانية.

**مفتاح الكلمات:** (سالنامة، كلعنبر، جاف، عثماني، تغيرات، الادارية)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10436 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | kamaran.braim@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ کامەران عبدالرزاق برایم، م. عادل صدیق عەلی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This study is about some different aspects of one of the significant districts of Othman empire, which is Gulanbar district. The paper is divided into an introduction and two chapters. In the introduction, the researchers demonstrated the creation of Sharazur Province and Gulanbar's location in the province. First chapter is devoted to talk about the districts' geographical position, climate, topography of the region, structure of its residents and economic condition (agriculture and livestock). In chapter two officials and administrators of the district and the boundaries of the administrative units are illustrated in the last decades of Othman Empire's power as it is mentioned in the annual calendar of Ottoman.


**Keywords:** Salnama, Gulanber, Jaf, Ottoman, Changes, Administration

## پێشەکی

قەزای گوڵعەنبەر هەروەك لە بەڵگەنامە و تۆمارە ڕەسمییەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا دەردەکەوێت، یەکێك بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئەو دەوڵەتە، هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکە و خاکەکەی و ئەو خەڵکانەی لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون بەتایبەتی عەشیرەتی گەورەی جاف وایکردبوو کە ناوچەکە ببێتە جێگای بایەخی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و لە نزیکەوە بەوردی چاودێری بکەن، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین ناوچەکە لە سێ لاوە هاوسنوور بووە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و هاوکات جێگای تیاگەڕانی گەورەترین عەشیرەتی کوردی ناوچەکەی ئەو ڕۆژگارە بووە، ناوچەکە و عەشیرەتەکەش هەمیشە مایەی چاوتێبڕینی ئێرانییەکان بوون و دەوڵەتی عوسمانیش هەموو تواناکانی خۆی خستبووە کار بۆ ئەوەی خاك و خەڵکەکەی لە بندەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەوە جگە لە بەپیتی خاکەکەی و ئەو بەرهەمانەی کە لەم ناوچەیە بەرهەم هاتوون کە سەرچاوەیەکی گرنگی خۆراك و هاوکات باج بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە گرنگی پێدان و لالێکردنەوەی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە شتێکی سرووشتی بووە و ڕەنگدانەوەی ناوچەکەش لە تۆمارە ڕەسمی و نا ڕەسمییەکانی ئەو دەوڵەتەدا بەرئەنجامی ئەو بایەخەیە کە ناوچەکە هەیبووە بۆ ئەو دەوڵەتە، لەو ڕوانگەوە لێکۆڵینەوە کردن لەسەر بابەتێکی لەم چەشنە سودبەخش دەبێ بۆ خوێنەران و لێکۆڵەرەوان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بۆ یەکەمجارە کۆمەڵێك زانیاریی نوێ لەسەر ئەم قەزایە و سنوورە کارگێڕییەکەی و ڕەهەندە جیاوازەکانی تری لەڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی چڕوپڕەوە دەخرێتە ڕوو، ئەوەش بەپشتبەستن بە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: قەزای گوڵعەنبەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بە حوکمی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و عەشیرەتی گەورەی جاف کە بەزۆری لە سنووری ئەم قەزایەدا گیرسابوونەوە یەکێك بووە لە مەڵبەندە گرنگەکانی ئەو دەوڵەتە، ئەم حاڵەتە بەڕوونی لە ساڵنامەکان و تۆمارە ڕەسمییەکانی تری ئەو دەوڵەتەدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەش پاڵی بەئێمەوەنا بە سوود وەرگرتن لە یەکێك لە سەرچاوە یەکەمینەکان (ساڵنامەکان) زانیارییەکان سەبارەت بەم قەزایە وەربگرین و لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بیخەینەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەسوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی نێو ساڵنامەکانی عوسمانی تیشك بخەینە سەر هەندێك لایەن و ڕەهەندی جیاوازی قەزای گوڵعەنبەر، ئەویش دوای وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو زانیاریيانە و شیکردنەوەی بابەتیيانە بۆیان.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان و سەرنجدان لە ناوەڕۆکیان، بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی وەصفی مێژوویی شرۆڤەی زانیارییەکانمان کرد و ئەم توێژینەوە زانستییەمان پێ ساز و ئامادەکرد.

سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە: بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەپلەی یەکەم پشت بە سالنامەکان بەستراوە، کە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ و پربایەخن بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەبارەی هەرێم و مەڵبەندە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوە جگە لە سەرچاوە یاریدەدەرەکانی تر کە سودیان لێوەرگیراوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ نارِوونی و بەرچاوڕوونی بۆ هەندێك زانیاری نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## دەروازە

## شوێنی هەڵەبجە لە گۆڕانکاریيە کارگێڕییەکاندا

دوای ئەوەی عوسمانییەکان لەگەڵ سەفەوییەکان کەوتنە ململانێ لەسەر سنووری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و چەند هەڵمەتێکیان بەو ئاڕاستەیە ئەنجام دا، توانییان لە ساڵی ١٥٥٢ -١٥٥٣ز ناوچەی شارەزوور، وەك دەرگایەك بۆ گەیشتن بە بەغداد و قەڵایەك بۆ پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، دەستبەسەردا بگرن. لەدوای ئەوە عوسمانییەکان گرنگییەکی تایبەتیان بە ناوچەکە دا و قەڵای گوڵعەنبەر(خورماڵی ئێستا)یان بنیاتنایەوە و لە ڕێکخستنە کارگێڕییەکانی دەوڵەتەکەیاندا وەك ناوەندی ئیالەتی شارەزوور دیاریيان کرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات قەڵای گوڵعەنبەر، کە وەك بنکەیەکی گرنگی سەربازیی بوو بەرامبەر ئێران، گرنگی جارانی نەما و شاری کەرکوك وەك ناوەندی ئیالەتەکە جێگای گرتەوە(سەلاح ، ٢٠١٧: ل ١٠٩ -١١٧ ؛ کۆچ، ٢٠٢٠: ل ٢٢ -٣٤). سلێمانیش هەتا ساڵی ١٨٥١ کە میرنشینی بابان بەیەکجاری کۆتایی هات، لە ڕووی ئیدارییەوە سەنجەقێکی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بوو، بەڵام لەوە بەدوا سەنجەقی سلێمانی بەسترایەوە بە ئەیالەتی بەغدادەوە، لەگەڵ دروستبوونی ویلایەتی موسڵ(١٨٧٩)دا سەنجەقی سلێمانی لە بەغداد دابڕێنرا و خرایە سەر موسڵ، ئەم گۆڕانکارییەی کۆتایی هەتا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو(الحمیداوی، ٢٠٠٩: ص١٨٣).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدرا، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە چوارچێوەی سەنجەقدا کۆمەڵێك گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوە دەبران، سەنجاقیش لەلایەن قائیمقامەوە بەڕێوە دەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکانی دەکرد لەو قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزابوو نەك قائیمقام، ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی قەزا لە ١٨٤٢وە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٨٦٤، لەم ڕێکەوتەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قەزا لە بەڕێوەبەرەوە گوازرایەوە بۆ قائیمقام لە پاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا.

دوای دروستبوونی لیوای سلێمانی(١٨٥٠ -١٨٥١)، هەریەك لە گوڵعەنبەر و هەڵەبجە سەرەتا بوون بە دوو قەزای سەربەخۆ لە لیوای سلێمانیدا پاشان لە چوارچێوەی یەك قەزا بەناوی گوڵعەنبەر، کە شارۆچکەی هەڵەبجە مەڵبەندەکەی بوو، بە لیواکەوە بەسترانەوە(سەلاح ، ٢٠١٧: ل١١٠-١١١) و محەمەد پاشای جاف(١٨٦٩) کرایە یەکەمین قائیمقامی قەزاکە، دوای ئەم گۆڕانکارییە چیتر گوڵعەنبەری کۆن(خورماڵ) وەك یەکەیەکی کارگێڕی نەمایەوە هەتا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی وەك ناوەندێکی کارگێڕی، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی(خورماڵ)و وەك ناحیەیەکی سەر بە قەزای هەڵەبجە نەك قەزایەکی سەربەخۆ(عەلی، ٢٠٢٠: ل٤٩).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی یەکەم/ هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای گوڵعەنبەر و پێکهاتەی دانیشتوانەکەی

### باسی یەکەم/ جوگرافیا و ڕووی زەوی

بەپێی زانیاریی ساڵنامەکان ناوی(گوڵعەنبەر) لە لایەن سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە(١٥٢٠-١٥٦٦) بەسەر ئەم ناوچەیەدا بڕاوە و بایەخی تایبەتی بە ناوچەکە داوە و مزگەوتێکیشی لە شارۆچکەکە بنیاتناوە (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠). دوای ئەوەی لە سەدەی ١٩ گوڵعەنبەر وەك قەزایەك لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانی دەرکەوتووە، هەڵکەوتە جوگرافییەکەی بەشێوەیەك بووە کە کەوتووەتە سەر سنووری ئێران(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨)، وەك قایمقامیەتێکی گەورە، ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی دەورە داوە، دێی ئەڵەبجە(هەڵەبجە)ش بووەتە ناوەندی کارگێڕیی قەزاکە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل ٣٣١ ؛ ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩).

ساڵنامەکان ئەڵەبجە(٣) بە لادێیەکی گەورە ناودەبەن کە هاوشێوەی شارۆچکەیەکە، بازاڕێکی قەیسەری(تاریکە بازاڕ)، دوکان و قاوەخانە، حەمامێك، چەند مزگەوتێك و قوتابخانەیەکی تێدایە. هەرچی گوندی گوڵعەنبەر(خورماڵ)ە، نزیك لە سنووری ئێرانە و سێ کاتژمێر لە ئەڵەبجەوە دوورە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١). شەمسەدین سامی(١٨٩٥) سەبارەت بە قەزاکە دەڵێت:" گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە لەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەتە، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی موسڵ، لە خۆرئاواوە بە سلێمانی و قەزای شارەزوور(کەرکوك) و لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە. شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانونییەوە بنیادنراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێراندایە. دێی ئەڵەبچە(هەڵەبجە)، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دانیشتوان و شتی وەك مزگەوت و قوتابخانە و خان و بازاڕی هەیە و قەزاکە لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، جگە لە خەڵکی نیشتەجێ، تێگەڕانی عەشیرەتی (جاف)یشە. قایمقامی قەزاکە بەزۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە. قەزاکە شاخاوییە و بەروبوومی دانەوێڵە و میوە و جۆرەکانی دیکەی هەیە. خەڵکی عەشیرەتەکە ئاژەڵێکی زۆر پێدەگەیەنن و لە خوریی و مووی ئەمانەش بەڕە و عابا و هەندێك شمەکی دیکە دەچنرێت"(سامی، ٢٠٠٨: ل٢٦٨).

هەرچەندە شارۆچکەی هەڵەبجە بیناگەلێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە، بەڵام لە وەرزی هاویندا بەهۆی گەرم بوونی زۆر و وشکبوونی نزیکەی تەواوی ئاوەکەی، زۆربەی خەڵکەکەی ناچارن بەرەو گوندەکانی دەوروبەر بڕۆن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩). زەوییەکانی قەزاکە شاخاوین و لە هەموو لایەکییەوە چیای سەخت هەیە. لەناوەوەشدا چیا و گردی وەك(کونە سوچەر، سەربۆرە، کڵاوبزر، تاشلی و گڵەزەردە) زنجیرەیان بەستووە. زۆربەی ئەمانەش خاکێکی سانایان هەیە و بۆ کشتوکاڵ گونجاون. جگە لەوە، دەشتی بەرینی شارەزووریش زەوییەکی ئاسان و بەپیتە و بەگشتی زەوییەکانی قەزاکە بۆ کشتوکاڵ کردن گونجاون. لە زۆربەی لایەکانی قەزاکەدا سەرچاوەی هەڵقوڵاو و ڕووبارگەلی وەك ڕووبارە مامناوەندییەکانی(تانجەرۆ و زەڵم) و ڕووبارە بچوکەکانی(قالیچۆ، مەوان، مالوان و دەڵێن) دەبینرێت، ئەمەش وایکردووە زەوییەکانی ناوچەکە، کە خۆیان توانای کشتوکاڵیی باشیان هەیە، زیاتر بەپیت و فەڕ تر بن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨).

ڕووباری تانجەرۆ، کە ڕووبارێکی مامناوەندە، لە سەرچناری ڕۆژئاواوە دێت و بە ناوەڕاستی دەشتی شارەزووردا تێپەڕ دەبێت، دوای ئەوەی چەند جۆگەیەکی بچووك دەگرێتەخۆ و چەند کەناڵێکیش ئاودێر دەکات، لە ناوچەی(دوو ئاوان) لەگەڵ ڕووباری(زەڵم) یەکدەگرێت و لە دەربەندیخان دەڕژێتە ڕووباری دیالەوە(سیروان). لەڕاستیدا ڕووبارەکە لەم ناوچەیەدا بە سیروان ناودەبرێت نەك دیالە. ڕوونتر بڵێین، ڕووباری سیروان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا هەر بە سیروان ناودەبرێت، دوای ئەوەی ڕووبارەکە دەچێتە سنووری پارێزگای دیالە(بعقوبە) بە ڕووباری دیالە دەناسرێت (علاءالدین، ٢٠٠٧: ل٩٣-٩٥).

هەرچی ڕووباری زەڵمە، لە گوندی زەڵمی(گوندەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی خورماڵی ئێستا بەدووری چەند کیلۆمەترێك. توێژەران) قەزاکەدا سەرچاوە دەگرێت و بە دەشتی شارەزووردا تێپەڕ دەبێت، زەڵم دوای لەخۆوەگرتنی چەند جۆگەیەك و ئاودێرکردنی چەند کەناڵێك،

لە ناوچەی(دوو ئاوان) بە ڕووباری(تانجەرۆ) دەگات(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨-٣٠٩).

## باسی دووەم/ پێکهاتەی دانیشتوان

دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر بەگشتی بریتین لە هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان، لەپاڵیاندا تیرەیەکی بچووکی عەرەب بەناوی(شەمێران) و ژمارەیەکی کەمی جوولەکە لە گوندەکان هەن. دانیشتوی گوندەکان بەگشتی نیشتەجێن و بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن، بەڵام خەڵکی ناوەندی قەزا، کە زۆربەیان جافن، لەگەڵ شەمێرانەییەکانیش، نیشتەجێ نین و بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، واتە گەرمیان و کوێستان دەکەن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩-٣١٠).

ئەوەی مایەی تێڕامانە ساڵنامەکە شەمێرانەییەکانی وەك خەڵکێکی عەرەب ناساندووە، لەڕاستیدا ناوچەی شەمێران کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەی ئێستا و قەزای گوڵعەنبەری کۆنەوە، لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان هەڵکەوتووە، نزیکەی دوازدە گوند لەخۆدەگرێت، چەند گوندێکیشیان دوای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان، بوون بەژێر ئاوی دەریاچەکەوە، ناوچەکە تەواو کوردنشینە و نەبیستراوە لە کۆندا عەرەبی لێ بووبێت، ئەوەندە هەیە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەکە ناوی (عارەوان) بووە و یەکێکیشە لە گوندە ژێرئاوکەوتووەکان. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەتەواوی جافن و پێشتر بە یەزدانبەخشی ناسرابوون، بەڵام لە ئێستادا ناوی ناوچەکە بووە بە ناسنامەیان و یەزدانبەخشییەکە کەمتر بەکاردێت، (عەلی، ٢٠١٤: ل١٦-٥٦) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف سەبارەت بە یەزدانبەخشییەکان دەڵێت:" طایفەیەکی گەورەن لەناو جافدا و، دەبن بە سێ کۆمەڵ: خاڵە، بەگزادە و مامەشەیی. بەشی خاڵە بە یەزدانبەخشی ناودەبرێن. بەگشتی ئەم سێ کۆمەڵە حەوتسەد ماڵ دەبن، ئەمانیش وەکو نەورۆڵی، هەتاوەکو سی ساڵ لەمەوبەر گەڕیاو بوون، ئێستە(١٩٣٣) لە شەمێران فەلاحەت و کشتوکاڵ ئەکەن.... کە کەوتووەتە باشووری قەزای ئەڵەبجەوە.... جێگایەکی زۆر باش و قایم و هەوا خۆشیان هەیە و شاخی زمناکۆیان بەدەستەوەیە، کە جێگەیەکی زۆر سەخت و گرنگە. ئەمان بەگشتی چوارسەد پیادە و سەد سواریان هەبووە، هەمیشە گەورەکانی جاف وەکو محەمەد پاشا و قادربەگ و سلێمان بەگ کوڕانی کەیخەسرەو بەگ ئەم طایفەیان بۆ ئیسنادگای خۆیان لە سنووری ئێران و باباندا داناوە"(فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥: ل١٣٩-١٤٠)، لەبەرئەوەی عوسمان پاشای سەرۆکی گشتی عەشیرەتی جاف وەك قایمقامی گوڵعەنبەر لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە، عەشیرەتەکە بەو قەزایەوە پەیوەستن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١) و زۆرینەیان تێیدا دەژین و سێ وەرزی ساڵ لە سنووری قەزاکەدا دێن و دەچن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل ٢٢٩). لەڕاستیدا هەر لەدوای ساڵی ١٨٦٩وە کە محەمەد پاشای جاف کرا بە قائیمقامی هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکانی جاف و خەڵکانی تری سەر بەو عەشیرەتە لە هەڵەبجەدا گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون، واتە پەیوەستبوونی عەشیرەتی جاف بە هەڵەبجەوە بۆ سەردەمی محەمەد پاشا دەگەڕێتەوە نەك عوسمان پاشای کوڕی.

جافەکان کە گەورەترین عەشیرەتن لە سنووری سەنجەقی سلێمانی(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل ٢٢٤)، لە دەشتی شارەزوورەوە تا قەزای سەڵاحیە(کفری)ی سەر بە کەرکوك بڵاوبوونەتەوە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل ٣٠٩) و لە چەندین لق پێکدێن، کە دیارترینیان:" میکائیلی، شاتری، ڕۆغزادیی، گەلاڵی، هارونی، نەورۆڵی، سەدانی، یەزدانبەخشی، عەمەڵە و پشتماڵە"(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣١). هەر تیرەیەك لەو تیرانە سەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە کە نازناوی(کوخە/ کوێخا)یان هەیە و لە پیاوماقوڵانی عەشیرەتەکەن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٢٩). سەرۆکی گشتیی عەشیرەتەکەش عوسمان بەگی محەمەد پاشازادەیە کە لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە، هەروەك براکانیشی سلێمان بەگ و محەمەدعەلی بەگ لە پیاوماقوڵانن. (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل ٢٢٧-٢٢٨)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ساڵنامەکە تەنها ناوی ئەو دوو برای عوسمان پاشای هێناوە، لەڕاستیدا محەمەد پاشا حەوت کوڕی هەبووە، ئەوانیش بریتی بوون لە: مەحمود پاشا، عوسمان پاشا، محەمەدعەلی بەگ، سلێمان بەگ، حەسەن بەگ، قادر بەگ و فەتاح بەگ. مەحمود پاشا دیارترینیانە و لە هەموویان گەورەتر بووە و دوای هەمووشیان کۆچی دوایی کردووە. (فەهمی جاف، ١٩٩٩: ل٥٢).

جافەکان بەگشتی لەسەر مەزهەبی شافیعین و بە زمانی کوردی دەدوێن. یەك لە سەدو پەنجا کەسیان خوێندەوارن و یەك لە هەزاریشیان دەزانن بە فارسی بنووسن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣٢). هەندێکیان بە جۆرێك نەزانن کە ناتوانن چاکە و خراپە لێکجیا بکەنەوە، ئارەزووی ئەوەیان هەیە ماڵ و سامانی یەکتری تاڵان بکەن، ئازاترین و چەکدارترین تیرەشیان ڕۆغزادییە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨). جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم سرووشتی شەڕانگێزیی و برندەییەی کوردەکان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە و زۆرینەی عەشیرەتە کۆچەرییە کوردەکان بەهەمان خەسڵەت وەسف کراون. جافەکانیش وەك هاوبەشێکی ئەم خەسڵەتە کوردەوارییە، زۆرجار لەسەر شتی بچووکیش بووبێت شەڕ و کوشتاری گەورەیان ناوەتەوە. بۆ نمونە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ(٢٣ جمادی الاول ١٢٧٢ / ٣١ کانونی دووەمی ١٨٥٦) ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوو تیرەی ڕۆغزادیی و شاتریی جاف لەسەر شووتییەك دوژمنایەتییان نوێ بووەتەوە و چەند کەسێك لە نێوانیاندا کوژراوە و بریندار بووە(MKT_UM}_A_٠٠٢٤٩_٠٠٠٣٨_٠٠١_٠٠١).

بەپێی ساڵنامەی(١٣١٠ك/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، ژمارەی ماڵەکانی هەر یەکێك لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف بەم شێوەی خوارەوەیە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٧):

| ناوی تیرە | ژمارەی ماڵ |
| --- | --- |
| میکائیلیی(تاقمی ڕەش و بۆریش لەگەڵ ئەمانەن) | ١،٤٠٠ |
| پشتماڵە | ١،٣٠٠ |
| شاتریی | ١،١٠٠ |
| یەزدانبەخشیی | ٧٠٠ |
| ڕۆغزادیی | ٥٠٠ |
| گەلاڵیی | ٥٠٠ |
| عەمەڵە | ٤٠٠ |
| سەدانی | ٤٠٠ |
| نەورۆڵی | ٣٠٠ |
| هاروونی | ٢٥٠ |
| **سەرجەم** | **٦٨٥٠ ماڵ** |

هەر بەپێی هەمان سەرچاوە، جگە لەو ماڵانەی لە خشتەکەی سەرەوەدا تۆمارکراون، ١٢٠٠ ماڵی دیکەی جاف تۆمارنەکراون، کە ماوەیەکی زۆرە وازیان لە ژیانی کۆچەریی هێناوە و لە ڕێگای کشتوکاڵەوە دەژین و لە گوندەکانی کەنار ڕووبارەکانی زرپاتییە و دیالە نیشتەجێن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٦). بەمەش کۆی گشتی ماڵەکانی عەشیرەتی جاف دەبێتە (٨٠٥٠) ماڵ. ئەم ژمارەیەش، بەنزیکەیی لە چەندین بەڵگەنامەی عوسمانی پشتڕاست کراوەتەوە، بۆ نمونە بەڵگەنامەیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٢٧٩ك/١٨٦٢ز) باس لەوە دەکات کە ژمارەی ماڵەکانی عەشیرەتی جاف لە نێوان (٨-١٠) هەزار دەبێت (DH_I_٠٠٤٩٩_٠٣٣٩٤٩_٠٠٣_٠٠١).

بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە لە سەردەمی عوسمانیدا داتایەکی ورد و تەواو بۆ ژمارەی دانیشتوان نەبووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو داتایانەی دانیشتوان کە هەن زۆرینەیان بریتین لە ژمارەی ماڵ و سەرۆك خێزانەکان یان ڕەگەزی نێر بەتەنها، ناچارین وەك ڕێگاچارەیەکی ئەکادیمی بۆ دۆزینەوەی ژمارەی گشتیی خەمڵێنراوی دانیشتوان پەنا ببەینە بەر سیستەمی قاتەژمارە، کە بریتییە لە چەند قات کردنەوەی ژمارەی تۆمارکراو لە سەرچاوەکاندا. توێژەرانی ئەو بوارەش ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە لە نێوان قاتەژمارەی(٣,٥ تا ٨). ڕەنگە باشترینیان قاتەژمارەی مێژوونووسی تورکیا (پرۆفیسۆر عومەر لوتفی بارکان) بێت کە قاتەژمارەی پێنجی هەڵبژاردووە(Abdulrazaq , ٢٠٢١: s. ٨٧-٨٨) بەپشتبەستن بەوە (٨٠٥٠) ماڵەکەی جاف جارانی پێنج دەکەین، واتە گریمانەی ئەوە دەکەین کە هەر ماڵێك لە پێنج کەس پێکهاتبێت، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی خەمڵێنراوی ئەندامانی عەشیرەتی جاف بریتیە لە (٤٠٢٥٠) کەس دانیشتوانی سەرەکی قەزای گوڵعەنبەر بوون.

بەگوێرەی ساڵنامەی(١٣٣٠ك/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، ژمارەی ئەو کەسانەی لە قەزای گوڵعەنبەر لە پەراوی تۆمار تۆمارکراون (٧,٧٨٢ مسوڵمان/نێر ، ١٢٩ جوولەکە/نێر)ن، واتە کۆی گشتی تۆمارکراوان (٧,٩١١ نێر)ە(Cengiz Eroğlu vd. Kasım ٢٠١٢, s. ٤٣). ئەگەر هەمان قاتەژمارەی سەرەوە وەربگرین، دەبینین ژمارەی دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر (٣٩,٥٥٥) کەس دەردەچێت. ئەم ژمارەیەش تەنها خەمڵاندنی ئەوانەیە تۆمارکراون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەردوو ساڵنامەی (١٣٠٨ك/١٨٩١ز) و (١٣١٠ك/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ لەکاتی خستنەڕووی ژمارەی دانیشتوانی شاری موسڵ ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، کە ژمارەی ئەوانەی نیشتەجێنین و تۆمارنەکراون زۆر زیاترە لەوانەی تۆمارکراون(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٠٨، ل ٩٦ ؛ ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل١٣٧)، دەتوانین بڵێین بۆ خەملاندنێکی گشتگیر پێویستە ئەو ژمارەیە(٣٩,٥٥٥) دوو هێندە بکرێتەوە، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لەوە زیاترە.

قەزای گوڵعەنبەر جگە لە ناوەندی قەزا، دوو ناحیەشی بەسەرەوەیە کە بریتین لە قزلجە و سرۆچك. شارۆچکەی پێنجوێن ناوەندی کارگێڕیی ناحیەی قزلجەیە و (٤٠٠) ماڵی تێدایە. شارۆچکەکە باخ و باخچە، بازاڕێکی نایاب، حەمامێك، دوو چایخانە، دوو خان، پێنج شەش مزگەوت و نوێژگە لەخۆدەگرێت. هەرچی ناحیەی سرۆچکە، هەرچەندە لە ئاست قزلجەش نەبێت، بەڵام(بەپێی ساڵنامەی ١٣٢٥ك/١٩٠٧ز ویلایەتی موسڵ) (٣٠ - ٤٠) گوندی هەیە و خەڵکەکەی بە جووتیاریی و کشتوکاڵەوە سەرقاڵن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٣٠). بەپشت بەستن بە ساڵنامەی (١٣٣٠ك/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ ژمارەی گوندەکانی ناوەندی قەزای گوڵعەنبەر و دوو ناحیەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠):

| یەکەی کارگێڕیی | ژمارەی گوند |
|---|---|
| ناوەندی گوڵعەنبەر | ١١٣ |
| ناحیەی قزلجە | ٩٠ |
| ناحیەی سرۆچك | ١٠٦ |
| سەرجەم: ٢ ناحیە ، ٣٠٩ گوند | |

لەکاتێکدا سەرجەم ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ و ساڵنامەی(١٢٩٢ك/١٨٧٥ز)ی ویلایەتی بەغدا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە قەزای گوڵعەنبەر تەنها هەردوو ناحیەی قزلّجە و سرۆچکی بەسەرەوەیە، وەك بابەتێکی جێ تێڕامان، ئەو ساڵنامە ناوەندییانەی لە ئیستەنبوڵەوە دەرچوون(ساڵنامەی دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی) خشتەیەکی دیکەیان بۆ قەزاکە خستووەتەڕوو، بەگوێرەی ئەوە (قەرەداغ) بە ١٧٣ گوند و شێخ ئیسماعیل تائیفەسی بە (١) گوندەوە بە دوو ناحیەی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر هەژمارکراون(سالنامه دولت علیه عثمانیه ١٣٠٨: ل٤٦٩؛ ١٣٠٩: ل ٤٩٥؛ ١٣٠٦: ل٤٥٨).

ساڵنامەکان ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ناوەندی ناحیەتاقمی شێخ ئیسماعیل(شیخ اسماعیل تائیفەسی) کوێ بووە و لە ئێستاشدا ناحیەیەك بەو ناوەوە بوونی نیە، ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە شێخ ئیسماعیلییەکان یەکێك بوون لە تایفە گەورەکانی عەشیرەتی جاف، بەشە گەورەکەیان لە ئێران بووە و بەشە بچووکەکەشیان لە باشووری کوردستانی ئەمڕۆدا نیشتەجێ ببوون، ئەوانەی باشووریش دابەش ببوون بۆ شێخ ئیسماعیلی سوورەجۆ و شێخ ئیسماعیلی بنەجووت، بەشی بنەجووتیان لە سنووری قەزا گوڵعەنبەر لە ژمارەیەك گوندی وەك(گرێزە، بنگرد، سەراو، شانەدەر، قاڵیچۆ، مووان، بنەجووت و باڵانتەران) نیشتەجێ ببوون. (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥: ل١٤٠-١٤١)

## بەشی دووەم/ بارودۆخی ئابووریی و کارگێڕی قەزای گوڵعەنبەر

### باسی یەکەم/ ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ(ئابووری)

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەشێکی کەمی عەشیرەتی جاف، کە پێکهێنەری سەرەکی دانیشتوانی قەزای گوڵعەنبەر بوون، نیشتەجێ بوون، ئەوەی تر کە زۆرینەی عەشیرەتەکەیان پێکهێناوە، بە بەخێوکردنی مەڕومالاَت و ژیانی کۆچەرییەوە سەرقاڵ بوون(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل٢٣٠). بۆ دابینکردنی پژێوی خۆیان لە زستاندا، کەمێك کشتوکاڵیان لە گوندەکانیش کردووە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩). بەهەمان شێوە تیرەی شەمێرانەیی(یەزدانبەخشی)یەکانیش ڕەشماڵنشین بوون و لە کەنار ڕووباری دیالە خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون، بەتایبەتی گامێش(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣١٠).

بەپێی زانیاریی ساڵنامەکان، جافە کۆچەرییەکان لە وەرزی زستاندا لە ناوچەکانی(شێروان، سورخەلیل و کوڵەجۆ) ڕەشماڵیان هەڵداوە. لە وەرزی بەهاریشدا دەستیان بە جوڵە کردووە و لە دەشتی پان و بەرینی شارەزوور ماونەتەوە. پێش هاتنی وەرزی هاوینیش چوونەتە لەوەڕگاکانیان لە ناوچەی (قیزانیە و مەریوان) لە سنووری عوسمانیدا، تاوەکو ماوەی سێ مانگ لەوێ ماونەتەوە و پاشان گەڕاونەتەوە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل٣٣٢؛ ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨).

ساڵنامەکە (قیزانییە و مەریوانی) بە هەڵە وەك دوو ناوچەی سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانی دیاریکردووە، لەڕاستیدا ئەو دوو ناوچەیە کەوتبوونە ناو سنووری دەوڵەتی ئێرانەوە. سەبارەت بە شوێنی کۆچ و باری عەشیرەتی جاف محەمەد سەعید جاف دەڵێت:" هەموو دەشتی شارەزوور موڵکی میرەکانی (بەگزادەکانی) جاف بووە، جاف هەر لە دەشتی (کۆکزی) سەر بە (قەرەتەپە) تا نزیکی شاری(بیجار) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر زەوی و موڵکێك کە لە ڕێگەی کۆچ و ڕەویاندا بووە، میرەکانی جاف بە نرخێك لە خاوەنەکانیان دەکڕی، ئەوەشیان بۆ ئەوە دەکرد، کە هۆزی جاف لەسەر لەوەڕ و پاوان لەگەڵ خەڵکدا گرفتاری شەڕ و ئاژاوە نەبن". (سەعید جاف، ١٩٩٤: ل١٤-١٥)

ساڵنامەی(١٣١٠ك/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ، زانیاریی زۆر گرنگی بۆ پاراستووین دەربارەی سامانی ئاژەڵی بەشێك لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف، کە بەشێوەی خشتەیەك ژمارەی مەڕومالاَت و ئاژەڵەکانی سەرجەم تیرەکانی خستووەتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٧):

| ناوی تیرە | سەر مەڕ و بزن | سەرگا، مانگا، گوێرەکە، گامێش، ئێستر، کەر |
|---|---|---|
| میکائیلیی(تاقمی ڕەش و بۆریش لەگەڵ ئەمانەن) | ٧٢،٠٠٠ | ١٤،٠٠٠ |
| شاتریی | ٤٢،٠٠٠ | ١٠،٠٠٠ |
| ڕۆغزادیی | ٣٠،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| گەلاڵی | ١٨،٠٠٠ | ٣،٧٠٠ |
| هاروونی | ١٢،٠٠٠ | ٢،٢٠٠ |
| نەورۆلی | ١٤،٠٠٠ | ٣،٠٠٠ |
| سەدانی | ١٨،٠٠٠ | ٥،٠٠٠ |
| یەزدانبەخشی | ٢٣،٠٠٠ | ٢،٧٠٠ |
| عەمەڵە | ٢٠،٠٠٠ | ٤،٠٠٠ |
| پشتماڵە | ٣٠،٠٠٠ | ٨،٠٠٠ |
| **سەرجەم** | **٢٧٩،٠٠٠** | **٥٧،٦٠٠** |

وەك لە خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، عەشیرەتی جاف خاوەنی (٢٧٩,٠٠٠) سەر مەڕ و بزن و (٥٧,٦٠٠) سەر مانگا و گوێرەکە و ئاژەڵی باربەر و هی تر بوون. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مەڕوماڵات وایکردووە سوودێکی زۆر لە بەروبوومەکانی ببینن و ساڵانە ژمارەیەکی یەکجار زۆری مەڕوماڵات و ئاژەڵی باربەر بفرۆشنە دەرەوە، هەربۆیە سەرچاوەکە دەڵێت:"بەگشتی تاکەکانی عەشیرەتەکە خۆشگوزەران و هەژار و نەدار لەنێویاندا دەگمەنە."(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩) ئەمە جگە لەوەی سوودێکی زۆر گەورەشیان بە دەوڵەت گەیاندووە لەڕێگەی ئەو باجە زۆرەی مەڕوماڵات کە پێویست بووە بیدەن. دوو بەڵگەنامەی عوسمانی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی(١٢٧٧ك/١٨٦١ز) ئەوە دەردەخەن کە باجی یەك ساڵی مەڕوماڵاتی عەشیرەتی جاف بریتی بووە لە سێ بار قورش(واتە ٣٠٠,٠٠٠ قورش)( A_}MKT_UM___00481_00069_001_001 ; A_}MKT_MHM__00226_00023_001_001). ئەم خێروبێرە زۆرەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بەردەوام لە هەوڵی پەلکێشکردن و تەماحدان بن بە سەرکردەکانی عەشیرەتەکە و ناکۆك بن لەسەر وابەستەیی ئەم عەشیرەتە.

دوای ئاژەڵداریی، بە پلەی دووەم کشتوکاڵ بەشێکی گرنگ بووە لە چالاکیی ئابووریی و هۆکارەکانی پژێوی خەڵکی قەزای گوڵعەنبەر. دانیشتووی گوندەکانی قەزاکە بەگشتی نیشتەجێ بوون و بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٩ - ٣١٠). لە نێوان تیرەکانی عەشیرەتی جافدا تیرەی یەزدانبەخشی بە پێچەوانەی تیرەکانی دیکەوە کۆچەریی نەبوون، بەڵکو لە گوندەکانی کەنار ڕووباری دیالە(سیروان) لە سنووری قەزای گوڵعەنبەر نیشتەجێ و بە کشتوکاڵ کردنەوە سەرقاڵبوون و لەسایەی کشتیارییەکەشیاندا بە

خۆشیی ژیاون. هاوکات مەڕ و بزنیشیان بەخێو کردووە و لەگەڵ ئاژەڵی تیرەکانی تری جاف بەرەو لەوەڕگایان ناردوون(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٥ -٢٢٦). جگە لەمان، ١٢٠٠ ماڵی دیکەی جاف لە ڕێگای کشتوکاڵەوە ژیاون و لە گوندەکانی کەنار ڕووباری زڕباتییە و دیالە نیشتەجێ بوون(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٦). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بگوترێت کە سەرباری بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و بەپیتی خاکی قەزاکە بۆ کشتوکاڵ، کەچی زۆربەی گوندەکان بەشێوەیەکی سنووردار کشتوکاڵیان کردووە و بەروبوومەکان هەر لە ناوخۆی قەزاکەدا بەکاربراوە. بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیش بریتی بوون لە هەموو جۆرەکانی دانەوێڵە، پەموو و تووتن(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٨).

هەردوو سێکتەری ئاژەڵداریی و کشتوکاڵی بەڕێژەیەکی باش خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی ناوچەکەیان دەستەبەر کردووە. بۆ نموونە خواردنی سەرەکی عەشیرەتی جاف بریتی بووە لە: نانی گەنم و جۆ و ساوەر، لە شیری ئاژەڵیش پەنیر و ماست و کەشك. جگە لە سەرۆکەکانیان، ئەو جل و بەرگەی پۆشیویانە لەو قوماشانە بوو کە لە ناوخۆی ناوچەی سلێمانی دروستکراوە، هەروەك خۆیان فەرەنجییان لە خوریی دروستکردووە (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢٢٨).

## باسی دووەم/ بارودۆخی کارگێڕی قەزاکە

١ –ساڵنامەکانی دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی(سالنامە دولت علیە عثمانیە؛ ١٣٠٦: ل٤٥٨ ؛ ١٣٠٧: ل٤٧٨ ؛ ١٣٠٨: ل٤٦٨-٤٦٩ ؛ ١٣٠٩: ل٤٩٤ -٤٩٥ ؛ ١٣١٠: ل٥٠٤ -٥٠٥ ؛ ١٣١١: ل٥٣٤ -٥٣٥ ؛ ١٣١٢: ل٥٥٠ -٥٥١ ؛ ١٣١٣: ل٥٨٢-٥٨٣ ؛ ١٣١٤: ل٥٩٤ -٥٩٥ ؛ ١٣١٥: ل٤١٤ ؛ ١٣١٦: ل٤٢٨ ؛ ١٣١٧: ل٤١٤ ؛ ١٣١٨: ل٤٦٠ ؛ ١٣١٩: ل٥٠٨ ؛ ١٣٢٠: ل٥٣١ ؛ ١٣٢١: ل٥٨١ ؛ ١٣٢٢: ل٥٩٣ ؛ ١٣٢٣: ل٦٦١ ؛ ١٣٢٤: ل٧٢٥ ؛ ١٣٢٥: ل٧٢١ ؛ ١٣٢٦: ل٧٢٩ ؛ ١٣٢٧: ل٧٩٤ ؛ ١٣٢٨: ل٨٠٧ ؛ ١٣٣٣: ل٧٠٢)

ساڵنامەکانی دەوڵەتی عەلییە یەکەمین و گشتگیرترین ساڵنامەی عوسمانین، کە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیمات یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٨٤٧ دەرچووە. ئەم ساڵنامەیە بەوە جیادەکرێتەوە، زانیاریی دەربارەی سەرجەم ویلایەت و ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەخۆگرتووە و وەك ساڵنامەی ویلایەتەکان تایبەت نییە بە یەك ناوچە. لەم چوارچێوەیەشدا گوڵعەنبەر وەك قەزایەکی سەر بە سەنجەقی سلێمانی تێیدا دەردەکەوێت. لە یەکەم ژمارەی ئەم ساڵنامەیە (١٢٦٣ك/١٨٤٧ز) تاوەکو ساڵنامەی (١٣٠٥ك/١٨٨٨ز)یش ناوی گوڵعەنبەر تەنها وەك قەزایەکی سەر بە سلێمانی هاتووە و هیچ وردەکارییەکی لەبارەوە باس نەکراوە، بەڵام لە ساڵنامەی (١٣٠٦ك/١٨٨٩ز) بەدواوە لەپاڵ ناوەکەی وەك قەزایەك، هەندێ زانیاریش لەبارەیەوە خراوەتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

**أ/ پۆستی قایمقام:**

| سالنامە | ناوی قایمقام | پلە |
|---|---|---|
| ١٣٠٦ك/١٨٨٩ز<br>١٣٠٧ك/١٨٩٠ز<br>١٣٠٨ك/١٨٩١ز | بەتاڵ | |
| ١٣٠٩ك/١٨٩٢ز | عوسمان بەگ | |
| ١٣١٠ك/١٨٩٢ز<br>١٣١١ك/١٨٩٣ز | عوسمان بەگ | بۆ پلەدوو بەرز کراوەتەوە |
| ١٣١٢ك/١٨٩٤ز<br>١٣١٣ك/١٨٩٥ز<br>١٣١٤ك/١٨٩٦ز<br>١٣١٥ك/١٨٩٧ز<br>١٣١٦ك/١٨٩٨ز<br>١٣١٧ك/١٨٩٩ز<br>١٣١٨ك/١٩٠٠ز<br>١٣١٩ك/١٩٠١ز<br>١٣٢٠ك/١٩٠٢ز<br>١٣٢١ك/١٩٠٣ز<br>١٣٢٢ك/١٩٠٤ز<br>١٣٢٣ك/١٩٠٥ز<br>١٣٢٤ك/١٩٠٦ز<br>١٣٢٥ك/١٩٠٧ز<br>١٣٢٦ك/١٩٠٨ز | عوسمان پاشا | بۆ میری میران بەرزکراوەتەوە |
| ١٣٢٧ڕۆمی/١٩١١ز<br>١٣٢٨ڕ/١٩١٢ز | مەجید ئەفەندی | میری میران |
| ١٣٣٣ڕ/١٩١٨ز | ئەمین بەگ | |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لێرەدا دوو بابەت جێگای سەرنج و هەڵوێستە لەسەرکردنە، یەکەمیان ئەو سێ ساڵەی کە ساڵنامەکە دیاریکردووە کە پۆستی قائیمقامی هەڵەبجە بەتاڵ بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە مەحمود پاشای جاف کە کوڕە گەورەی محەمەد پاشای جاف بووە، لەدوای کوژرانی باوکی(١٢٩٩ك/١٨٨٠ز) دەکرێتە قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەفەرمانێکی سوڵتان عەبدولحەمید(١٨٨٨/١١/٢٢) لە پۆستی قائیمقامێتی قەزای گوڵعەنبەر دووردەخرێتەوە و پلەی میری میرانی پێ دەدرێت و دەکرێت بە موتەسەریفی شاری ئورفە، لەبری ئەو عوسمان پاشای برای دەکرێت بە قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بەڵام مەحمود پاشا ڕۆیشتن بۆ ئورفە ڕەتدەکاتەوە و پابەند نابێت بە بڕیارەکەوە، لەوە بەدوا بۆماوەی نزیکەی سێ ساڵ لە کێشە و ململانێدا دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و دوو ساڵیش لە ئیستەنبوڵ ئیقامە جەبری لەسەر دەسەپێنن، بەڵام دواتر بڕیاری لێبوردنی بۆ دەردەچێت و دەگەڕێتە و بۆ شارەزوور و ناو عەشیرەتەکەی. (جاف، ١٩٩٥: ل١٧٩-١٩٦ ؛ جاف، ١٩٩٩: ل٤١-٥٦ ؛ سەلاح، ٢٠١٧: ل١١٣-١١٤)

ئەوی دیکەشیان ئەوەیە، ساڵنامەکە ساڵی ١٩٠٨ وەکو کۆتا ساڵی قائیمقامی عوسمان پاشا دیاریکردووە، ڕاستییەکەی عوسمان پاشا هەتا مردنی (تشرینی یەکەمی ١٩٠٩) قائیمقامی قەزاکە بووە، دوای خۆشی مەجیدبەگی کوڕە گەورەی چەند مانگێك قائیمقامی شارەکە بووە، لە دوای مردنی مەجیدبەگ هەتا ساڵی ١٩١٨ کە دەسەڵاتی تورکەکان لە ناوچەکە کۆتایی پێدێت ژمارەیەك قائیمقامی دیکە بۆ قەزاکە دانراون. (سەلاح، ٢٠١٧: ل١١٤-١١٦)

**ب/ پۆستی نوێنەر، کە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزا و سەرۆکی دادگای بەرایی قەزا بووە:**

| ساڵنامە | ناوی نوێنەر |
|---|---|
| ١٣٠٦ك/١٨٨٩<br>١٣٠٧ك/١٨٩٠ز | ئەحمەد نامی ئەفەندی |
| ١٣٠٨ك/١٨٩١ز<br>١٣٠٩ك/١٨٩٢ز<br>١٣١٠ك/١٨٩٢ز<br>١٣١١ك/١٨٩٣ز | مستەفا ئەفەندی |
| ١٣١٢ك/١٨٩٤ز<br>١٣١٣ك/١٨٩٥ز<br>١٣١٤ك/١٨٩٦ز | ئەحمەد سائیب ئەفەندی |
| ١٣١٥ك/١٨٩٧ز<br>١٣١٦ك/١٨٩٨ز<br>١٣١٧ك/١٨٩٩ز | ئەحمەد ئەفەندی |
| ١٣١٨ك/١٩٠٠ز<br>١٣١٩ك/١٩٠١ز<br>١٣٢٠ك/١٩٠٢ز | حاجی مەولود ئەفەندی |
| ١٣٢١ك/١٩٠٣ز<br>١٣٢٢ك/١٩٠٤ز<br>١٣٢٣ك/١٩٠٥ز | ئیسماعیل ئەفەندی |
| ١٣٢٤ك/١٩٠٦ز<br>١٣٢٥ك/١٩٠٧ز | ئەحمەد سائیب ئەفەندی |
| ١٣٢٦ك/١٩٠٨ز | ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی |
| ١٣٢٧ڕۆمی/١٩١١ز | ئەحمەد ئەفەندی |
| ١٣٢٨ڕ/١٩١٢ز | عەبدولفەتاح ئەفەندی |
| ١٣٣٣ڕ/١٩١٨ز | دادوەر و سەرۆکی دادگای بەرایی<br>مستەفا ڕەشید ئەفەندی |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ج/ ناحیە و گوندەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر:

دیارە سەرەتای دروستبوونی قەزای گوڵعەنبەر، وەك قەزایەکی پلە نزم لە سیستمی کارگێڕیی دەوڵەتدا لە ڕیزی چینی سێیەمدا بووە، هەروەك لە ساڵی ١٣١٤ك/١٨٩٦ز وە پلەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ چینی دووەم. لە ساڵی ١٣٢٧ڕ/١٩١١ز ەوە بۆ چینی یەکەم بەرزکراوەتەوە. لە سەرجەم ساڵنامەکانی پێشووتردا لەجیاتی ناوی هەڵەبجە، ناوی گوڵعەنبەر وەك ناوەندی قەزاکە هاتووە کە هەر مەبەست لێی شارۆچکەی هەڵەبجەیە، بەڵام لەم ساڵنامەیە بەدواوە ناوی (ئەڵەبجە) وەك ناوەندی قەزای گوڵعەنبەر نووسراوە. هەر لە هەمان ساڵدا ناحیەی قزڵجە بۆ چینی دووەم و ناحیەی سرۆچك بۆ چینی سێیەم بەرزکراونەتەوە. وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ساڵنامەکانی دەوڵەتی عەلییە، جیاواز لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ و بەغدا، (قەرەداغ)یان بە ناحیەیەکی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر تۆمارکردووە بەم شێوەی خوارەوە:

| یەکەی کارگێڕیی | ژمارەی گوند |
|---|---|
| ناوەندی گوڵعەنبەر | ١٠٣ |
| ناحیەی سرۆچك | ٩٠ |
| تاقمی شێخ ئیسماعیل | ١ |
| ناحیەی قزڵجە | ١٠٦ |
| ناحیەی قەرەداغ | ١٧٣ |
| **سەرجەم: ٣ ناحیە ، ٤٧٣ گوند** | |

جگە لە هەردوو ساڵنامەی(١٣٢٧ڕۆمی/١٩١١ز) و (١٣٢٨ڕۆمی/١٩١٢ز) نەبێت، کە ناوی ناحیەی قەرەداغ و گوندەکەی تاقمی شێخ ئیسماعیلیان لاداوە و گوندەکانیان خستووەتە سەر شارۆچکەی ئەڵەبجە، بەم شێوەی خوارەوە:

| یەکەی کارگێڕیی | ژمارەی گوند |
|---|---|
| ناوەندی قەزا، ئەڵەبجە | ٢٧٦ |
| ناحیەی سرووٚچك | ٩٠ |
| ناحیەی قزڵجە | ١٠٦ |
| **سەرجەم: ٢ ناحیە ، ٤٧٢ گوند** | |

٢ - ساڵنامەی(١٢٩٢ك/١٨٧٥ز)ی ویلایەتی بەغدا(بڕوانە: ساڵنامەی ویلایەتی بەغدا ١٢٩٢، ل١٠٠ ):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | محەمەد ساڵح بەگ |
| نوێنەر | عبدالسلام ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | سەعید ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری نووسراوەکان | محەمەد ئەفەندی |
| ئەنجومەنی کارگێڕیی | سەرۆك(قایمقام) |
| ئەندامانی ئاسایی | نوێنەر، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان |
| ئەندامانی هەڵبژێردراو | عەلی بەگ، سەید ئەحمەد ئەفەندی، شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی، شێخ حە سەن ئەفەندی |
| ئەنجومەنی سکاڵا(دادگا): | سەرۆك(نوێنەر) |
| پێداهەڵچووەوە | شێخ محەمەد ئەفەندی، عەبدوڵلا بەگ، شێخ محەمەد ئەفەندی |
| نووسەر | فەتاح ئەفەندی |
| ئەمینی سندوقی قەزا | مەعروف ئەفەندی |
| فەرمانبەرانی تر | فەرمانبەری باجەکانی گوڵعەنبەر(حوسێن ئاغا) ، فەرمانبەری باجەکانی پێنجوێن(ڕەزا ئەفەندی). |
| بەڕێوەبەری ناحیەکان | ناحیەی قزڵجە / ناحیەی سرۆچك |

٣- ساڵنامەی(١٣٠٨ك/١٨٩١ز)ی ویلایەتی موسڵ(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٠٨، ل١٥٢ -١٥٣):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی |
| نوێنەر | ئەحمەد نامی ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | عەبدوڵلا صدقی بەگ |
| نووسەری نووسراوەکان | سەلیم ئەفەندی |
| ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی | ئەندامان: سەید ئەحمەد ئەفەندی، ساڵح ئاغا، ساڵح ئاغایەکی تر، بەتاڵ |
| دادگای بەرایی | سەرۆك(ئەحمەد نامی ئەفەندی) ، ئەندامان(ئەمین بەگ، شێخ سەعید ئەفەندی)، یاردەدەری لێپێچەرەوە(ئەحمەد بەگ)، نووسەری یەکەم(دەروێش ئەفەندی)، نووسەری دووەم(سلێمان بەگ) |
| فەرمانبەرانی تر | فەرمانبەری ئاسایش(مولازمی دووەم ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری نفوس(خاڵس ئەفەندی) / نووسەری نفوس(ئەحمەد ئەفەندی). |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | سرۆچك: بەڕێوەبەر(ئەحمەد ئەفەندی) / نووسەر(عەلی ئەفەندی).<br>قزڵجە: بەڕێوەبەر(یوسف ئەفەندی) / نووسەر(فەرەج ئەفەندی). |

٤ - ساڵنامەی(١٣١٠ك/١٨٩٢ز)ی ویلایەتی موسڵ(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٠، ل٢١٥ -٢١٦ ):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی |
| نوێنەر | مستەفا ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | عەبدوڵلا سدقی ئەفەندی |
| نووسەری نووسراوەکان | سەعید ئەفەندی |
| ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی قەزا | ئەندامانی ئاسایی(نوێنەر، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان) / ئەندامانی هەڵبژێردراو(سەید ئەحمەد ئەفەندی، ساڵح ئاغا، ساڵح ئاغایەکی تر، بەتاڵ). |
| دادگای بەرایی | سەرۆك(مستەفا ئەفەندی) / سەرنووسەر(دەروێش ئەفەندی) / ئەندام(شێخ سەعید ئەفەندی، شێخ محەمەد ئەفەندی) / لێپێچەرەوە(سلێمان بەگ) / نووسەری دووەم(ڕەشید ئەفەندی). |
| فەرمانبەرانی تر | فەرمانبەری ئاسایش(ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری نفوس(خاڵس ئەفەندی) / نووسەری نفوس(عەبدولڕەحمان بەگ) / نووسەری تاپۆ(ڕۆستەم سرڕی ئەفەندی). |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | قزلجە: بەڕێوەبەر(عەبدولکەریم ئاغا) / نووسەر(فەرەج ئەفەندی).<br>سرۆچك: بەڕێوەبەر(ئەحمەد ئاغا) / نووسەر(محەمەد ئەفەندی). |

٥ - ساڵنامەی(١٣١٢ك/١٨٩٤ز)ی ویلایەتی موسڵ(بڕوانە: ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣١٢، ل١٨٤– ١٨٥):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | عوسمان بەگ، ٤ نیشانەی مەجیدی |
| نوێنەر | ئەحمەد سائیب ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | مستەفا بەگ |
| نووسەری نووسراوەکان | سەعید ئەفەندی |
| ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیی قەزا | سەرۆکی ئەنجومەن(قائیمقام) / ئەندامانی ئاسایی(نوێنەر، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان) / ئەندامانی هەڵبژێردراو(سەید ئەحمەد ئەفەندی، ساڵح ئاغا، ساڵح، بەتاڵ). |
| دادگای بەرایی | سەرۆك(نوێنەر) / سەرنووسەر(محەمەد نوری ئەفەندی) / لێپێچەرەوە(سلێمان بەگ) / ئەندامان(ئەمین ئەفەندی، شێخ مەحمود ئەفەندی) / نووسەری دووەم(عەبدولکەریم ئەفەندی). |
| فەرمانبەرانی تر | فەرمانبەری نفوس(خاڵس ئەفەندی) / نووسەری نفوس(عەبدولڕەحمان بەگ) / نووسەری تاپۆ(ڕۆستەم ئەفەندی) / ئەمینداری سندوق(عەبدولکەریم ئەفەندی) / فەرمانبەری ئاسایش(ئەحمەد ئەفەندی). |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | قزلجە: بەڕێوەبەر(کەریم ئاغا) / نووسەر(عارف ئەفەندی) / فەرمانبەری ڕسوماتی پێنجوێن(ئیسماعیل حەقی ئەفەندی).<br>سرۆچك: بەڕێوەبەر(ئەحمەد ئاغا) / نووسەر(سەعید ئەفەندی). |

٦ - له ساڵنامەی(١٣٢٥ك/١٩٠٧ز)ی ویلایەتی موسڵ(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٢٥، ل ٢٢٩ ):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | عوسمان پاشا، میری میران، ٣ نیشانەی عوسمانی و ٣ مەجیدی، مەدالیەی زیویی شانازیی |
| نوێنەر | ئەحمەد سائیب ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | محەمەد شەریف ئەفەندی |
| نووسەری نووسراوەکان | محەمەد سەعید ئەفەندی |
| فەرمانگەی نفوس | فەرمانبەر(خاڵس ئەفەندی) / نووسەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی). |
| دادگای بەرایی | سەرنووسەر(سلێمان بەگ) / یاریدەدەری لێپێچەرەوە(ڕەشید ئەفەندی) / نووسەری دووەم(عەبدولکەریم ئەفەندی |
| فەرمانبەرانی تر | بەڕێوەبەری تەلەگراف(ئەمین ئەفەندی) / نووسەری تاپۆ (سلێمان بەگ) |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | قزڵجە: بەڕێوەبەر(سەدیق ئەفەندی) / نووسەر(محەمەد عەلی ئەفەندی).<br>سرۆچك: بەڕێوەبەر(بەتاڵ) / نووسەر(سەعید ئەفەندی). |

٧ - ساڵنامەی(١٣٣٠ك/١٩١٢ز)ی ویلایەتی موسڵ(ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ١٣٣٠، ل٣٠٦ -٣٠٧ ):

| | |
|---|---|
| قائیمقام | عەبدولمەجید ئەفەندی |
| نوێنەر | ئەحمەد ئەفەندی |
| بەڕێوەبەری دارایی | عەبدولصەمەد ئەفەندی |
| موفتی | - |
| نووسەری نووسراوەکان | محەمەد سەعید ئەفەندی |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | سەرۆکی ئەنجومەن(قائیمقام) / ئەندامانی ئاسایی(نوێنەر، موفتی، بەڕێوەبەری دارایی، نووسەری نووسراوەکان). |
| دادگاکانی قەزاکە | ١ـ-دادگای شەرعی: سەرۆك(نوێنەر ئەحمەد ئەفەندی) / سەرنووسەر(سەید هادی ئەفەندی) / نووسەری دووەم(شێخ محێدین ئەفەندی).<br>٢ـ-دادگای بەرایی: سەرۆك(نوێنەر ئەحمەد ئەفەندی) / ئەندامان (مەحمود ئەفەندی، محەمەدئەمین ئەفەندی) / سەرنووسەر(سلێمان ئەفەندی) / یاریدەدەری لێپێچەرەوە(دەروێش ئەفەندی). |
| خامەی دارایی | بەڕێوەبەری دارایی(عەبدولصەمەد ئەفەندی، پلەسێ) / ئەمینداری سندوق(ئەحمەد ئەفەندی) / فەرمانبەری باجگر. |
| خامەی نفوس | فەرمانبەر(محەمەد خاڵس ئەفەندی) / نووسەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی). |
| فەرمانبەرانی تر | بەڕێوەبەری تەلەگراف / نووسەری تاپۆ(سلێمان زەوقی ئەفەندی). |
| ناحیەکانی سەر بە قەزای گوڵعەنبەر | قزڵجە: بەڕێوەبەر(حەسەن ئەفەندی) / نووسەر (عەبدولڕەحمان ئەفەندی).<br>سرۆچك: بەڕێوەبەر(ئەحمەدبەگ) / نووسەر(سەعید ئەفەندی). |

## ئەنجام

١. هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای گوڵعەنبەر کە هاوسنووری ئێران بووە  لە لایەك و، لە لایەکی ترەوە گیرسانەوە و نیشتەجێبوونی بەشێکی عەشیرەتی جاف لە سنووری ئەو قەزایەدا، وایکردبوو کە دەوڵەتی عوسمانی گرنگی زۆر بە قەزاکە بدات، ئەوەش لە ساڵنامەکاندا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە.

٢. بەشێکی کەمی عەشیرەتەکە لە ناو سەنتەری قەزاکە و گوندەکانی دەوروبەریدا نیشتەجێ ببوون و سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن بوون، ئەوانی دیکەیان بەدوای لەوەڕگادا ساڵانە بەپێی وەرزەکان لە نێوان قزرابات و کوڵەجۆ و کوێستانەکانی مەریوان و سنەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە،  دەوڵەتی عوسمانی بۆ بابەتی باج ساڵانە ئاماری وردی سامانی ئاژەڵی تیرە و تائیفەکانی عەشیرەتی جافی وەرگرتووە، لەو ڕێگەیەوە ساڵانە باجێکی زۆری دەستکەوتووە.

٣. گەورەیی عەشیرەتەکە و سنوور بەزاندنەکانی و ئەو باجە زۆرەی کە ساڵانە ئەم عەشیرەتە دەیاندا، وایکردبوو کە هەمیشە دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێران هەوڵی ڕاکێشان و پەلکێشکردنیان بدەن بۆ ناو سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان.

٤. سەبارەت بە لایەنی کارگێڕی قەزاکە، ساڵنامەکان زانیاری کەمیان لەوبارەوە گواستووەتەوە، ئەوان تەنها ئاماژەیان بەناوی کاربەدەست و لێپرسراوەکانی قەزاکە و ناحیەکان و ژمارەی گوندەکانیان کردووە، بەبێ چوونە ناو وردەکاری بابەتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەتوانین لەڕێگە ئەو کەمە زانیارییەوە ئاگاداری ژمارەی فەرمانگەکان و لێپرسراوە ئیدارییەکانیان و ئەو گۆڕانکارییانە ببن کە لە ساڵنامەیەك بۆ ساڵنامەیەکی تر لە پۆستەکاندا ڕوویانداوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ ساڵنامە عوسمانییەکان (بە زمانی تورکی عوسمانی)


- سالنامە ویلایت موصل:

١٣٠٨هـ ، موصل ولايتى مطبعه سنده طبع اولنمشدر.

١٣١٠هـ، موصل ولايتى مطبعه سنده طبع اولنمشدر.

١٣١٢هـ ، موصل ولايتى مطبعه سنده باصلمشدر.

١٣٢٥هـ ، مطبعه ويلايتده طبع اولنمشدر.

١٣٣٠هـ ، مطبعەسندە طبع اولمنمشدر، موصل.

- ساڵنامەی ویلایەتی بەغداد

(١٢٩٢هـ)، دفعه(١)، مطبعه ويلايت بغداد.

- سالنامە دولت عليه عثمانيه:

١٣٠٦هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣٠٧هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣٠٨هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣٠٩هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣١٠هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣١١هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

١٣١٢هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

.١٣١٣هـ ، مطبعه عامره ده طبع اولنمشدر.

.١٣١٤هـ ، مطبعه عثمانيه.

.١٣١٥هـ ، عالم مطبعەسی.

.١٣١٦هـ ، محمودبك مطبعەسی.

.١٣١٧هـ ، مطبعه عامره.

.١٣١٨هـ ، محمودبك و سرويچه مطبعەلری.

.١٣١٩هـ ، طاهربك مطبعەسی.

.١٣٢٠هـ ، دار الطباعه العامره.

.١٣٢١هـ ، عالم مطبعەسی.

.١٣٢٢هـ ، مطبعه احمد احسان وشركاسی.

.١٣٢٣هـ ، مطبعه احمد احسان.

.١٣٢٤هـ ، مطبعه احمد احسان..

.١٣٢٥هـ ، مطبعه احمد احسان.

.١٣٢٦سنه هيجريه سنه مخصوص، مطبعه احمد احسان.

.١٣٢٦ سنه ماليه، سلانيك مطبعەسی.

.١٣٢٧هـ ، سلانيك مطبعه سی.

.١٣٢٨هـ ، سلانيك مطبعه سی.

.١٣٣٣-١٣٣٤هـ ، هلال مطبعەسی – باب عالی قارشوسنده.

**دووەم/ بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی عوسمانی**

.A_}MKT_UM_00249_00038_001_001

.I_DH_00499_033949_003_001

.A_}MKT_UM___00481_00069_001_001

.A_}MKT_MHM__00226_00023_001_001

**سێیەم/ كتێب**

**كوردی:**

.عادل صديق عەلی، ٢٠٢٠، هەڵەبجە شارێكی بچووك و مێژوویەكی دەوڵەمەند، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕێنوێن.

.عەلی، ئارام مەجید، ٢٠١٤، چەردەیەك لە مێژووی عەشیرەتی شەمێران، چاپی یەكەم، سلێمان.

.فەهمی بەگی جاف، حەسەن، ١٩٩٩، مێژووی هۆزی جاف و مەحمود پاشای جاف، چاپخانەی دێكان.

.سامی، شەمسەدین، ٢٠٠٨، كورد و كوردستان لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدیای توركی مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، چاپی یەكەم، هەولێر.

.فەتاح بەگی جاف، كەریم بەگی، ١٩٩٥، تەئریخی جاف، لێكۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، بەغدا.

**عەرەبی:**

.الحميداوى، م.م بان راوى شلتاغ:، ٢٠٠٩، التقسيمات الادارية لسنجق السليمانية خلال العهد العثماني الاخير(١٨٦٩-١٩١٨)، مجلة القادسية،العدد(٣).

.علاءالدين، عطا محمد، ٢٠٠٨، قضاء هەڵەبجە، من منشورات مركز الدراسات الكردية(كوردۆلۆجی)، طبعة الاولى.

تورکی:

Abdulrazaq ,Mujahed Azeez 2021, "H.985 (M.1577) tarihli KK 102 nolu deftere göre Hille Livası" Ankara Üniversitesi, Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi.

Eroğlu vd, Cengiz, Kasım 2012, Osmanlı Vilayet Salnamelerinde Musul, ORSAM, Ankara.

**چوارەم/ گۆڤار/**

**کوردی:**

.جاف، محەمەد سەعید، ١٩٩٤، هەڵوێستێکی جوامێرانە، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٦٨).

.سەلاح، سامان ، ئابی ٢٠١٧، هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٢).

.کۆچ، حەسەن، ئابی، ٢٠٢٠مەڵبەندەکانی بەڕێوەبردنی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانیدا: قەڵاکانی زەڵم و گوڵعەنبەر، وەرگێڕ: کامەران کوردەوار، گۆڤاری خاڵ، ژ (٢٩)،.